گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بەشداری ئافرەتان لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی؛ پەروەردە بە نمونە

**سوزان طه رسول**
بەش کۆمەڵناسی, کۆلێژ ی ئاداب, زانکۆ سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
sozan.rasool@gmail.com

**پ.د. ئارام ئیبراهیم حسین**
بەش کۆمەڵناسی, کۆلێژ ی ئاداب, زانکۆ سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Aram.ibrahemdzay@gmail.com

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٣/٩/١٢
پەسەندکردن:٢٠٢٣/١٠/٣٠
بڵاوکردنەوە:زستان٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*Women,*
*Social Development,*
*Feminism, Education,*
*Socity*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.4.2

## پوختە

بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەشەپیدانی کۆمەڵایەتی و باشترکردنی ژیانی تاکەکان، یەکێک لەو بابەتانەیە کە لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوو جێگای گرنگیپێدانی ناوەندە ئاکادیمی و سیاسییەکان بووە. بابەتی ئافرەتان و بەشداربوونی ئەوان لە پرۆسەی گەشەپیدانی کۆمەڵایەتی یەکێک لەو بابەتانەیە کە تارادەیەک پشتگوێ خرابوو، کە لە ئێستادا هەوڵ دەدرێت گرینگی بە ڕۆڵ و بەشداری ئەوان لە لایەنە جوارجۆرەکانی گەشەپیدانی کۆمەڵگا بدرێت. هەر بۆیە لەم توێژینەوەیە ئامانج شرۆڤە کردن و خستنەڕووی باردۆخی ئافرەتانە لە پرۆسەی گەشەپیدانی کۆمەڵایەتیدا لە بواری پەروەردە لە هەرێمی کوردستان. میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیە، میتۆدی کتێبخانەیی و داتای دەستی دووە. گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوە بوون کە: ئەگەرچی لە ڕابردوو لە هەرێمی کوردستان سستی لە پرۆسەی پەروەردە هەبووە بۆ کچان بەڵام لە ماوەی ساڵانی رابردوو هەوڵی

بەرچاو دراوە بۆ بەشداری پێکردنیان لە پرۆسەی پەروەردە، سەرەڕای هەبوونی داب ونەریتی کۆمەڵگای کوردی و ئەو کۆسپانەی کە هەبوون، بەشێوەیەکی بەرچاو رێژەی خوێندنی کچان زیادی کردووە، ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگە بۆ بەرەوپێشچوون و بەشداری کچان لە بوارەی پەروەردە و دواتر رۆڵ بینینیان لە سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵگا.

## پێشەکی

ڕۆڵ و بەشداری ئافرەتان لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە بابەتە زیندوەکانی ئەم سەردەمەیە کە جێگەی بایەخی جیهانی هاوچەرخە. لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو لە کۆنگرە نێو دەوڵەتی و هەرێمی وخۆجێیەکاندا ئەم بابەتە بەچڕی خراوەتە ڕوو و باسی لێکراوە. بۆ ئەوەی ئافرەت ڕۆڵی هەبێت لە کۆمەڵگەکەی پێویستی بە ڕەخساندنی بارودۆخێکی گونجاو و پەرەپێدانی تواناکانیەتی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری. ڕۆڵی دیاری ئافرەت تەنیا لەیەك تەوەر کورتناکرێتەوە، بەڵکو لە چەندین تەوەری وەك فێرکردن و کارکردن، بەشداری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی و ... هەموو ئەمانەش وەك تەواوکەری یەکترن. توانای کۆمەڵگەکان لە ڕووبەڕووبونەوەی گۆرانکارییە جیهانیەکان و سەرکەوتنی بەرنامەکانی گەشەپێدان و گەرەنتی بەردەوامبوونی، بەستراوە بە بەشداری ڕەگەزە مرۆییەکان و پلان و ئامادەکارییەکانی بۆ ئەو مەبەستە، کە ئافرەتیش بە ڕەگەزێکی گرنگ دادەنرێت لە پرۆسەی گەشەپێدان .

کۆمەڵگەی کوردیش کۆمەڵێك بنەما وتایبەتمەندی خۆی هەیە کە لە کۆمەڵگەکانی تری جیادەکاتەوە، چین و توێژەکانی کۆمەڵگاش هەر یەکەو بە پێی ئەرك و مافەکانیان ڕۆڵیان لە پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگەیە هەیە. هەر بۆیە توێژەران لەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدەن شرۆڤەیەکی ڕۆڵی ئافرەتان لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە بواری پەروەردە بکەن. لە بەر ئەوەی ئافرەتان توێژێکی سەرەکین لە گەشەپێدانی لایەنی کۆمەڵایەتی، پەروەردە، سیاسەت و ئابووری کۆمەڵگە، بۆیە پێویستی بە خستنە ڕووی واقیعی ئافرەتان لە کۆمەڵگا و ڕۆڵیان، بەتایبەتی لە بواری پەروەردە کە مەبەستی سەرەکی توێژینەوەکە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1. ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە:

**1.1. کێشەی توێژینەوەکە:** سەرەڕای ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی هەرێمی کوردستان بەخۆیەوە بینیوە لە چەندین بواری جۆراوجۆردا، وەک پرۆسەی گەشەپێدان و دووبارە بونیادنانەوەی کۆمەڵگە، دەبینین ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان وەک توێژێکی گرنگ و _نیوەی کۆمەڵگا_ ڕووبەڕووی چەندین بەرهەڵستی کۆمەڵایەتی، کوولتووری و سیاسی دەبنەوە، کە بەربەستن لەبەردەم ڕۆڵ بینین و بەشداریکردنیان بە شێوەیەکی کاریگەر لە پرۆسە و پلانەکانی کۆمەڵگە، بەمەبەستی گەشەپیدانێکی ئامانجدار . سەرەڕای نەبوونی یەکسانی و هەبوونی جیاکاری لە نێوان ئافرەت و پیاواندا، و کولتووری نێر سالاری کە زاڵە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی بە گشتی و کۆمەڵگەی کوردی بە تایبەتی. بۆیە لێرەدا پرسێک دێتە بەرباس ئەویش ئەوەیە کە؛ تاچەند ئافرەتان توانیویانە لە ژێر سایەی ئەو گۆڕانکارییانەی ڕوویانداوە ئەم بەربەستانەی بەردەمیان بشکێنن کە ئاستەنگ بوون لە بەردەم ڕۆڵبینینی لە بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگە.

بۆیە پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەوی: ڕوانگە تیۆرییەکان تا چەند کاریگەرییان هەبووە لە بەشداری پێکردنی ئافرەتان لە گەشەپێدانی کۆمەڵگا؟ لە هەرێمی کوردستان تا چەند هەوڵ دراوە ئافرەتان بچنەبەر خوێندن و گەشە بە تواناکانیان بدەن؟ ڕێژەر بەشداری ئافرەتان لە کەرتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان چۆنە؟

**2.1. گرینگی توێژینەوەکە :**گرنگی ئەم توێژینەوە لە خودی بابەتەکەیە، واتە بەشداری و ڕۆڵی ئافرەتان لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا، یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی سەردەمی ئێستایە لە سەر ئاستی جیهان بەتایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە هۆی ئەو گۆڕانکارییە جیهانیەی سەرتاپای وڵاتانی گرتۆتەوە. هەرێمی کوردستانیش پریشکی ئەم گۆڕانکارییەی بەرکەوتووە. بۆیە گەشەپێدانی سەرکەوتوو لە هەر وڵاتێك پێویستی بە بەشداریکردنی ئافرەت دەبێت بەیەکسانی لەگەڵ پیاو، ئافرەت نیوەی کۆمەڵگەیە هیچ کۆمەڵگەیەك بەرەو پەرەسەندن هەنگاو نانێت، ئەگەر ئافرەت لە سەرەتای کارە گرنگەکانی دانەنێت. بەجۆرێك ناکرێت مەرجە پێویستیەکانی بۆ دابین نەکرێت لە پێناو پێشکەوتنی توانا و کردە و بەشدارییەکانی لە پرۆسەی گەشەپێداندا، ئەویش لە ڕێگای کارتیاکردنی

ڕۆڵە جیاوازەکانیەتی، بەتایبەتی بەشداری ئافرەتان لە کەرت پەروەردە. هەروەها گرنگیەکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە بەشدار دەبێت لە زیادکردنی مەعریفە لەسەر ئەم بابەتە، سوودی دەبێت بۆ توێژەران و گرنگیپێدەرانی بواری ئافرەتان و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە ئایندەدا. دەبێتە سەرچاوەیەکی گرینگ بۆ وەزارەتی پەروەردە، خوێندنی باڵا و وەزارەتی پلاندانان لە خستنەڕووی ئەو داتا و زانیارییانەی کە باس لە بەشداری ئافرەتان لە کەرتی پەروەردە دەکات .

**3.1. ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:** 1. خستنەڕووی تیۆر و ڕوانگە تیۆرییەکان سەبارەت بە بەشداری ئافرەتان لە گەشەپیدانی کۆمەڵایەتی. 2. زانینی ئاستی بەشداری ئافرەتان لە کەرتی پەروەردە و فێرکردن، بەمەبەست زانینی کاریگەرییان لە گەشەپێدانی کۆمەلگا. 3. خستنەڕووی ئەو هەوڵانەی کە لە هەرێمی کوردستان دراوە بۆ زیاتر بەشداری پێکردنی ئافرەتان لە بواری پەروەردە و پیگەیاندن .

**4.1. میتۆدی توێژینەوەکە :** میتۆدی ئەم توێژینەوەیە کتێبخانەیی و بەکارهێنانی داتای دەستی دووە. میتۆدی کتێبخانەیی بە شێوەیەکی گشتی لە توێژینەوەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەکار دێت کە تێدا توێژەر داتا و زانیارییەکان سەبارەت بەو دیاردە یا کێشەیە لە نێو سەرچاوە و بەڵگەنامەکان کۆدەکاتەوە. هەر بۆیە لەو جۆرە توێژینەوانەی کە لایەنی مەیدانی لە خۆ ناگریت هەر لە سەرەتا تا کۆتایی توێژەر پشت بەو میتۆدە دەبەستێت. توێژەر بە گەڕان لە نێو سەرچاوە تیۆرییەکانی وەکو کتێب، گۆڤار و توێژینەوە زانستییەکان بە دوای وڵامی پرسیارەکانی دەگەڕێت و هەوڵی شرۆڤەکردنی بابەتەکە دەدات. هەروەها مەبەست لە بەکارهێنانی داتای دەستی دوو؛ بەکارهێنانی داتای توێژینەوەکان یا دامودەزگا فەرمییەکانە بەمەبەستی خستنەڕوو و شرۆڤە کردنی داتاکان، بۆ دۆزینەوەی ئەو وڵامانەی کە توێژەر بە دوای دەگەڕێت .

**5.1. پێناسەی چەمکەکان :**

**یەکەم: گەشەپێدان_ التنمیة: (Development):** سەرچاوە ئابووری و سۆسیۆلۆژیەکانی هاوچەرخ ئاماژە دەکەن بە جیاوازی لە نێوان وشەی ( گەشە –Growth) و دەستەواژەی(گەشەپێدان- Development) دەکەن کە، دەکرێ دەستنیشانی ڕووە جیاوازەکان لە نێوانیاندا بکرێت. لەبەر ئەوەی گەشە(Growth) ئاماژەیە بۆ پرۆسەی زیادبوونی جێگیر و بەردەوام کە لە لایەنێك لە لایەنەکانی ژیان ڕوودەدەن، بەڵام گەشەپێدان (Development) بریتییە لە بەدەستهێنانی زیادبوونێکی خێراو کەڵەکەبوو و بەردەوام لە میانەی کاتێکی دیاریکراو کە ملکەچە بۆ بەڕێوەبردن و توانای مرۆیی. بۆنموونە: زیادەی جێگیر لە ڕێژەی سەدی بۆ خوێندەوارانی ئافرەت و پیاو لە کۆی دانیشتوان، ئاماژەیەکە لە ئاماژەکانی گەشە، بەڵام گەشەپێدان بەدەستدەهێنرێت لە خوێندن لە قۆناغێکی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی خێرا، لە میانەی کاتێکی دیاریکراو. بەزۆری گەشە لە ڕێگەی پەرەسەندنی لە سەر خۆوە ڕوودەدات، وگۆڕانێکی هەنگاو بە هەنگاو، بەڵام گەشەپێدان پێویستی بە پاڵدانێکی بەهێزە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە لە دۆخی چەقبەستوویی ودواکەوتن دەربکات بۆ دۆخی پێشکەوتن و پەرەسەندن(حسین،2010: 22).

ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان چەندین توێژینەوەو دیراساتیان ئەنجامداوە لە ساڵانی "1950 و 1955و 1956" تیایدا جەختکرابووە سەر دەستنیشانێکردنێکی دەستەواژەیی بۆ مانای گەشەپێدان، کە ناسراوە بەوەی بریتییە لەو پرۆسانەی لە ڕێگایانەوە دەتوانرێ ئاراستەی توانا نیشتمانی و حکومیەکان بکرێ بۆ باشترکردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە کۆمەڵگە خۆجێیەکان، و یارمەتیدانیان بۆ بەشداریکردنی لە پێشکەوتنی کۆمەڵگە بە هەموو تواناکانی( Huntington،1968: 34).

**دووەم: گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی _ التنمیة الاجتماعیة:(Social Development )** : لە ساڵی (1956) پێناسەیەکی فەرمی لە وڵاتە یەکگرتووەکان دەرکەوت، کە ئاژانسەکانی تایبەت بە کاری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی خۆجێی لە وڵاتە یەکگرتووەکان پێی پابەندبوون، کە چەمکی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی "بریتیە لەو پرۆسانەی کە توانای هاوڵاتیان و حکومەت یەکدەگرن بۆ

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

باشترکردنی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری، بۆ بەدەستهێنانی تەواوکاری ئەم کۆمەڵگایانە لە چوارچێوەیووڵات و یارمەتیدانی بۆ پێشکەوتنی نەتەوەیی". ئەم پێناسەیە ئاماژە بە سێ پرەنسیپی سەرەکی دەکات ئەوانیش: 1. ئامادەکردنی بەرنامەیەکی بە پلان گرنگی بە سەرجەم پێداویستیەکانی کۆمەڵگە بدات، 2. ئامادەکردنی یارمەتی تەکنیکی و هونەری لەلایەن دەستەی حکومەت، 3. هاوکاری و تەواوکاری لە نێوان سەرجەم کەرتەکان(السمالوطي،1981: 112).

ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان چەندین توێژینەوەو دیراساتیان ئەنجامداوە لە ساڵانی "1950 و 1955و 1956" تیایدا جەختکرابووە سەر دەستنیشانێکردنێکی دەستەواژەیی بۆ مانای گەشەپێدان، کە ناسراوە بەوەی بریتییە لەو پرۆسانەی لە ڕێگایانەوە دەتوانرێ ئاراستەی توانا نیشتمانی و حکومیەکان بکرێ بۆ باشترکردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە کۆمەڵگە خۆجێییەکان، و یارمەتیدانیان بۆ بەشداریکردنی لە پێشکەوتنی کۆمەڵگە بە هەموو تواناکانی(Huntington,1968: 34)).

**پێناسەی ڕێککاری بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی:** گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی مەبەستدارو ئاراستەکراو و تەواوکارییە پشت دەبەستێت بە یەکگرتنی پلان و توانای حکومەت، هەروەها میکانیزم وبەشدارییەکی فراوانی تاکەکانی کۆمەڵگە لە دەزگا جۆرجۆرەکانی کۆمەڵگە. بەجۆرێك کە بەشداردەبن لە ڕوودانی ئەم جوڵەیە یان گۆڕانکارییە لە هەرێمی کوردستاندا لە ڕێگەی خستنە گەڕی ڕۆڵ و بەشدارپێکردنەکانی ئافرەت لە دەزگا جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە، بە دانانی پلان و ستراتیژیەتی گونجاو، بە تایبەتی لە سیستەمی پەروەردە.

**دووەم: چەمکی پەروەردە (Education):** ئەم چەمکە پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، کە لا لەیەک بە هۆی فراوان بوونی واتای پەروەردە و ئاڵۆز بوونی، لە لایەکی دیکەش بە هۆی جیاوازی بیروبۆچوونی ئەو قوتابخانە و ئاڕاستە هزرییانەی کە دەڕواننە چەمکی پەروەردە، هەروەها بە پێ قۆناغەکانی پێشکەوتنی هزری مرۆڤایەتی تێڕوانینەکان بۆ چەمکی پەروەردە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. بەڵام ئەم چەمکە بەردەوام جێگەی سەرنجی بیرمەندان بووە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەفلاتون لە ڕێزی یەکەم کەسەکان دادەنرێت کە باسی لەم بابەتە کردوە، ئەو لە کتێبی "یاساکان" کە باس لە یاساکانی بونیادی کۆمەڵگا دەکات ئاماژە بەوە دەکات "بۆ ناسین و چەسپاندنی یاساکان و پاراستنیان، پێویستە ڕوو بکەینە پەروەردەی تاکەکان"(قلتاش،2012: 48-49) هەروەها ئەرەستۆی خوێندکاری ئەم چەمکە بە ژیری و ئاستی هۆشیاری تاک دەبەستێتەوە و لەو بارەوە ئاماژە دەکات بەوەی؛ پەروەردە ئامادەکردنی هۆش و ژیرییە بۆ فێربوون(محمود و خوشناو،2022: 66).

مەبەست لە پەروەردە لە لای (جۆن لاک) دەستەبەر کردنی دۆخێکی دەروونی تەندروستە لە لەشێکی تەندروست، کە دەبێتە هۆی بەختەوەری تاک و لە ئەنجامدا گەشە و بەرەپێشچوونی کۆمەڵگا (کاردان و همکاران، 2000: 177). هەروەها جۆن دیوی، فەیلەسوف و دەروونناس و چاکسازیکاری پەروەردەیی بەناوبانگی ئەمریکی پەروەردە بە پرۆسەی بنیاتنانەوەی ئەزموونەکان پێناسە دەکات، بە بڕوای ئەو بۆ ڕزگار بوون لە گەندەڵی کۆمەڵگا دەتوانرێ بە ڕێگای سود وەرگرتن لە پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەی نوێ، دەرئەنجامی زۆر باش وەرگرین و بە گرینگترین ئامرازی چاکسازی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەزانێت(قاسمی و آیت اللهی،2010: 285) .

لە میانی ئەو پێناسانەی خرایەڕوو، توێژەران **پێناسەی ڕێکاری چەمکی پەروەردە** دەکەن بەوەی بریتییە لە: پرۆسەیەکی ڕێکخراو لە لایەن حکومەتەوە بەمەبەستی فێرکردن و پێگەیاندنی فێرخوازان کە بەشدار دەبێت لە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونی تاک. بەتایبەتی هاوکاری کردنی حکومەت لە زیاتر بەشداری پێکردنی ڕەگەزی مێینە و ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ ئەوان کە بتوانن بچنە بەر پرۆسەی خوێندن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کاریگەرییان لە سەر پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵگا هەبێت.

## 2. ڕوانگە تیۆرییەکانی پەیوەندیدار بە ڕۆڵی ئافرەتان لە گەشەپێدانی کۆمەلایەتی :

تیۆر و میتۆدەکانی گەشەپێدانی ئاراستە کراو بۆ ئافرەتان لە وولاتانی جیهانی سێیەم بە گۆڕانکاری زۆر تێپەڕیوە، کە بوونەتە هۆی جیاوازی لە دەروازەکانی سیاسەتی گەشەپێدانی بەکارهێنراو لەم وولاتانە لە ساتی سەرهەڵدان و لە دایکبوونی پرۆژەی گەشەپێدانی نێو دەوڵەتی، کە تەبەنیکراوە لەدوای جەنگی جیهانی دووەم. پرۆژەکانی گەشەپێدان دەرکەوتن وەکو پاڵپشتێك لە وولاتە ڕۆژئاواییەکان بۆ وولاتە ئیشتراکیەکان کە تازە سەربەخۆ بوبوون، لە ڕێگەی بەرنامەی ڕۆژئاواییەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کە ستراتیژیەتی گەشەپێدان و یارمەتی پێشکەش بە دەوڵەتە تازە گەشەسەندووەکان دەکات ئەمەش لە پێناو پرکردنەوەی بۆشایی لە گەڵ وڵاتانی پیشەسازیدا. پرۆژەی گەشەپێدان کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی لە سەر ئافرەت و مەسەلەکانی هەبووە، بۆیە کۆمەڵێك تیۆر دەرکەوتن کە کاریگەری و کاریگەربوونی ئافرەت لە پرۆژەی گەشەپێدانی نێودەوڵەتی پێوە دیار بووە، بەشێوەیەکی تایبەتیش پەراوێزخستن یان تێکەڵبوونی ئافرەتانی لە پرۆسەی گەشەپێدان لەخۆگرتبوو.

**تیۆرەکانی فێمینیزم (بزووتنەوەکانی ئافرەتان):** فیمینیزم Feminism وەك زاراوە، واتا بنەڕەتییەکەی (مافەکانی ئافرەت و یەکسانیی نێوان ئافرەت و پیاو) دەگرێتەوە، زاراوەکە لە بنچینەدا لە زمانی فەرەنسییەوە هاتووە. لە ساڵی( 1890)وە لە زمانی ئینگلیزیدا لە بڕی زاراوەی (women's)بەکاردەهێنرێ. ئیتر ئەم زاراوەیە لە ئینگلیزی لە جێیی Women's Movement) (کە بە کوردی دەکاتە (بزووتنەوەی ئافرەتان ) بوو بە زاراوەیەك و هەموو چالاکیەکانی ئافرەتانی لەو ڕێکخراوانەی خەباتیان لە پێناوی یەکسانیی ئافرەتان و پیاواندا دەکرد، دەگرتەوە .

کەواتە فێمینیزم وەك بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و هزری لە فراوانترین مانایدا لە هەوڵی بەرزکردنەوەی پێگەی ئافرەتاندایە وەك گروپێك لە کۆمەڵگەدا. وەك بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و هزری هەوڵدەدات پێگەی نزمی ئافرەت راڤە بکات و هەموو فاکتەرە کاریگەرەکان لە سەر ڕەوشەکەی ڕوونبکاتەوە، وێنەیەکی ئەو کۆمەڵگە خوازراوەی کە تیایدا ئافرەتان بەهرەمەندن لە ڕەوشێکی گونجاودا، بخاتە ڕوو. هەروەها کۆمەڵە داواکارییەك بۆ گەیشتن بەم ئامانجەی بخاتە ناو پرۆگرامەکەی و دواجار لەگەڵ دیاریکردنی ستراتیژی کارەکەی، سەرچاوەکانی ڕێکبخات و ئەو شێوازە گونجاو یاخود کاریگەرانەی کە مەبەستیەتی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی دەستنیشان بکات .

چەندین تیۆریی جیاواز سەبارەت بە فیمینیزم دروست بوون کە هەر تیۆرییە و ئاراستەی جیاواز و بۆچوونی تایبەت بە خۆی لە بارەی هۆکارەکانی چەوساندنەوەی ئافرەت و ئەو نایەکسانییەی لە مێژوودا لە نێوان ئافرەت و پیاودا دەبینرێ و هەستی پێدەکرێ و لە پێشتریشدا هەبووە. ئیمە لەم تویژینەوەیە بەگشتی باس لە سێ دیدگا و تیۆر دەکەین، کە گرنگترین بزاوتە فێمینیزمەکان پێك دێنن، ئەوانیش :

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**یەکەم: فیمینیزمی لیبراڵ : (Liberal Feminism Theories)** :تیۆریی فیمینیزمی لیبراڵ لە ساڵی(1830)دەستی پێکرد .(مێری وڵسۆن کرافت) بە نوسینی کتێبی "حەقانییەتی مافی ئافرەت لە ساڵی(1792) کاریگەری سەرەکی لەسەر ئەم شەپۆلە دانا ، لە دوای ئەو (جۆن ستیوارت میل John S.Mill) و هاوسەری یەکەمی) هارییت تایلۆر( Harriyet Taylor کتێبی "ملکەچبوونی ئافرەت "ی لە ساڵی(1869)نووسی کە کاریگەری گرینگی بەسەر ئەم شەپۆلە دانا (بەهین،2010: 60). ئامانجی لیبراڵ فێمینیزم باشترکردنی بارودۆخی ئافرەتە لە کۆمەڵگەدا بەبێ ئەنجامدانی هیچ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە بنەمایی سیاسیی و ئابووریی ئەو کۆمەڵگەیەدا. یەکێك لە ئامانجە سیاسیەکانی ئەم تیۆرە هەوڵدانە بۆ ڕەخساندنی هەلومەرجی پێویست بۆ مسۆگەرکردنی یەکسانیی تەواوی ئافرەت و پیاو بەتایبەتی لە بڕیارداندا. ئامانجێکی تری نەهێشتن یان بنەبڕکردنی دابەشکردنی کارە بە پێی ڕەگەز (Weedon,1996: 4-8).

توێژەران لەم توێژینەوەیە پێیان وایە، بۆچونی ئەم تیۆرە لە سەر بنەمای بیری یەکسانی مرۆڤەکان (ئافرەت و پیاو) دامەزراوە. ئەم تیۆرە هەوڵیداوە تا ڕەنگدانەوەی بیروڕای خۆی بەسەر یاسا و مافەکاندا بسەپێنێ تا بەم شێوەیە هەوڵدان بۆ دژایەتیکردنی ئافرەت نەمێنێ و ئافرەتانیش خاوەنی مافی یەکسان بن لەگەڵ پیاواندا. ئەمە بەکەڵك وەرگرتن لە یاسا بوو، بەهۆی ئەوەی کە بیری یەکسانی لەناو کۆمەڵگە تەشەنە بکات و ڕەنگدانەوەی لەناو کۆمەڵگە ببینرێ و ئەنجامی ئەم ڕەنگدانەوەیە بووە هۆی ئەوەی ئافرەتانیش وەك پیاوان بەخاوەن دەنگ بژمێردرێن و لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا سەرقاڵی ئیشکردن بن و وەك پیاوان هەلی یەکسانیان بۆ بڕەخسێ.

**دووەم: فێمینیزمی ڕادیکالی: Radical Feminism Theory** : فێمینیزی ڕادیکاڵی لە دەیەی (1960) دا دەستپێدەکات. (سیمۆن دیبۆڤوار) بە نووسینی کتێبی "ڕەگەزی دووەم"(1949)و (بێتی فریدن) بە نووسینی کتێبی "ئافرەتی فریو خواردوو"(1963) کاریگەری سەرەکی و گرنگیان لەسەر ئەم شەپۆلە دانا. لە بیرمەندانی گرنگی دیکەی ئەم شەپۆڵە دەکرێ ئاماژە بە (کیت میڵت) لە (سیاسەتی ڕەگەزی) لەساڵی (1970) و (جێرمان گریير) و (سەروەری ئافرەت1970) بکەین. شەپۆڵی یەکەم تاڕادەیەك توانی بارودۆخی ئافرەتان لە پەیوەندی لەگەڵ هەندێك لە پرسەکان باشتر بکات.

پەرەسەندنی پەروەردە و فێرکردن، شیاوبوونی ئافرەتان بۆ چوونە ناو پیشە جۆراوجۆرەکان، یاسایی بونەوەی لەباربردنی منداڵ، پێدانی حەقدەستی بەرامبەر بە ئافرەتان، هەبوونی مافی مەدەنی یەکسان، لەو ئەنجامە گرنگانەی هەوڵەکان لە شەپۆلی یەکەمدا بوو و ئەم سەرکەوتنە بووە هۆی ئەوەی کە هەندێك لە فێمینیستەکان بەدوای هەنگاونان لە هەنگاوەکانی دواتردا بن (بەهین،2010: 62).

ئامانجی سەرەکی و گرنگی داواکاری فیمینیستەکان لەم ئاراستەیەدا لە ڕاستیدا "رزگارکردنی ئافرەت" لە دەستی پیاوان هاتە ئاراوە. ئەوان لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە دەست گەیشتن بە مافی سیاسیی و یاسایی بەرامبەر لەگەڵ پیاوان هێشتا پرسی ئافرەتانی چارەسەر نەکردووە، هەربۆیە تەنیا رزگاری ئافرەتان لە نا بەرامبەرییەکان پێویست نییە، بەڵکو دەبێ ئافرەتان لە دەستی پیاوان رزگار بکرێن. بەڵام لە ڕوانگەی ئەواندا، رزگارکردنی ئافرەتانیش تەنیا لە ڕێگەی ڕیفۆرم نەدەکرا بەڵکو پێویستی بە پرۆسەیەکی بنچینەیی و شۆرشگێرانە هەبوو. لە بەر ئەوەی لە بنەڕەتدا لە ڕوانگەی فێمینیستەکان ئەو تیۆرانەی هەن تەواو رەگەز خوازو ریفۆرم نەگرن (بەهین،2010: 62-63).

**سێیەم : فێمینیزمی پۆست مۆدێرن :(Postmodern feminism)** : بیری فێمینیزمی پۆست مۆدێرن سەرەتاکانی دەیەی(1940)، سەرەتا لە هونەری بیناسازییەوە سەریهەڵدا، بە تێپەربوونی کات و بەتایبەت پاش دەیەکانی (1960) لەسەر دەستی بیرمەندانێکی وەکو ( میشێل فۆکۆ و لیوتار، و چەندانی تر)بوو بەرەوتێکی گشتی، کە لە زۆربەی لایەنەکانی ژیانی مرۆڤی رۆژئاواییدا ڕەنگی دایەوە،هەر لە هونەرەوە بگرە تا دەگاتە هزرو ئەندێشە و سیاسەت و..هتد. ئەم ڕەوتە کە بە ڕەخنە لە مۆدێرنیزم هاتبووە ئاراوە، زۆر زوو توانی بێتە گۆڕەپانی ڕۆشنبیری جیهانییەوە. بە شێوەیەك کاریگەری ئەم ڕەوتە لە مۆدێرنیزم بوو بەهۆی سەرهەڵدانی رەوتێکی پۆست مۆدیرن لەناو فێمینیزمەکاندا (زاهیدی،2010: 24).

لایەنگرانی ئەم ڕەوتە لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئافرەت پێویستی بە بنەماڵە، هاوسەرو منداڵ هەیە، وجۆری پەیوەندی نێوان کوڕوکچ هەر لە سەرەتای لە دایك بوونیانەوە، دەبێتە هۆی جیاوازی لە نیوان کوروکچ دا. بەم شێوەیە لایەنگرانی ئەم ڕەوتە وێرای ئەوەی هەوڵدەدەن بۆ یەکسانی هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ، لایەنگری ئەم بۆچوونە چۆنییەتی پەروەردەو هەروەها پەروەردە بە شێوەیەکی

کاریگەر دەزانن، بۆ یەکسانی و نەبوونی جیاوازی لە نێوان دوو رەگەزی، ڕەخنە لە پیش خۆیان دەگرن، بەتایبەت دوو ڕەوتی فێمینیزمی سۆشیالیستی و رادیکاڵ فێمینیزم، کە بنەماڵە بە وەچەخستنەوە بە گەورەترین ئامرازی چەوساندنەوەی ئافرەتان دەناسن لەلایەن کۆمەڵگەی پیاوسالارییەوە(زاهیدی،2010: 24-25).

بەڕای ئێمە سەرەڕای جیاوازی لە بۆچوون و ئاراستەکانی فێمینیزم و داواکارییەکانیان، بەڵام ئەوەی پەیوەستن بە شیکردنەوەو بەرجەستەبوونی ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت و رزگارکرنی لە کۆت و بەندەکان و پێدانی ئازادییە ڕەهاییەکان لە کۆمەڵگەدا، هەروەها جەختکردنی لە سەر پەیوەندییەکان و مەسەلەی جۆری کۆمەڵایەتی هاودەنگییەک لە کۆی ئەو تیۆرییانە دەبینرێت. ئەمەش دەوەستێتە سەر جۆری بونیادی کۆمەڵایەتی و دامەزراوە کولتووریەکانی کۆمەڵگە، ، بۆیە سەرجەم تیۆرو ئاراستەکان هەموویان بەشدارن لە گرنگیدان بە مەسەلەی نەبوونی یەکسانی، لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیدا، کە لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا دەرفەتی ڕۆڵ، هەژموونی، هێزو پێگە، بە پیاو دەبەخشێ، لەکاتێکدا ئافرەت بێبەشدەکرێت لە زۆر لە مافەکانی لە کۆمەڵگە.

### 3.2. بزووتنەوەی فمینیستی لە هەرێمی کوردستان:

سەبارەت بە کورستان سەرەتای کاری رێکخراوەیی ئافرەتان دەگەرێتەوە بۆ پاڵنەرێکی نەتەوەیی و سیاسیی و حیزبی ، نەك پاڵنەرێکی ڕەگەزی و هەستکردن بە ستەمکردن لە ئافرەتان. ئەگەر سەرنج بدەینە داخوازییەکانی فیمینیزم لە تیۆرییەکاندا بە ڕوونی دەبینرێت کە سەرەرای جیاوازییەکان لە نێوانیاندا ، داوای ئازادی ئافرەت و خستنە ڕووی رێگە چارەکانە بۆیان ، هەموویان بەدوای ئامانجێکەوە بوون ئەویش ئازادیی ڕەگەزیی ئافرەت بوو کە پێویستی بە ڕەتکردنەوەو سرینەوەی هەر جۆرە کۆسپێك هەیە. بەڵام بە گشتی بزووتنەوەی فێمینیزمی زۆر لاوازە لە هەرێمی کوردستان، چونکە رێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان هەموو شتێك لە رێگای حزبەوە دەکەن، بزووتنەوەی ژنان و ئافرەتان بۆ خۆی بزووتنەوەیەکی فێمینیستی نەبووە. بزووتنەوەی فێمینیستی بزووتنەوەیەکی سەربەخۆیە پارە لە هیچ حزبێك وەرناگرێت، بەڵام لە کۆردستان بزووتنەوەی ژنان و

ئافرەتان پارە لە حزب وەردەگرن، بۆیە ناچارن چیان پێوترا بە قسەیان بکەن، بزووتنەوەی ئافرەتان بزوووتنەوەیەکی خۆبەخشیە، پارە نیە، بەڵکو دیموکراتیە.

سەرەڕای ئەمەش ئەم بزووتنەوە فێمینزمە جیهانیانیانە بۆ داواکارییەکانیان، لە ڕێگەی ڕێپێوان و خۆپیشاندانەکانیان و مانگرتنەکانیان هەزاران ئافرەت تیایدا بەشداردەبوون، بەڵام لە هەرێمی کوردستان ئەوەندەی باس لە پرنسیپ و داواکارییەکانی ئەم ڕەوتانە دەکرێت، تەنها بە لایەنی تیۆرییەوە دەیخەنەڕوو و بەرجەستەی دەکەن، بەڵام لایەنی پراکتیکی تیدا نابینرێت، چونکە بۆ هەر داواکاریەك پێویستە ڕێپێوان و خۆپیشاندان ئەنجامبدرێت لەلایەن ئافرەتان، پێویستە بە هەزاران ئافرەت پشتگیری ئەو داواکارییانە بکەن و تەواو پێی ڕازی بن و سوور بن لەسەر داواکانیان، بەڵام تائێستا بەهیچ شێوەیەك ئەم جۆرە چالاکیەو خۆپیشاندانانەمان نەبینیوە .

### 4.2. توێژینەوەکانی پێشوو:

**یەکەم: توێژینەوەی (طاهر حسو میر الزیباری 2003)،** بە ناونیشانی " دور المرأة الكردية في المشاركة السياسية" ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەوڵی زانینی هەڵوێستی ئافرەت و پیاو دەدات دەربارەی ڕۆڵی ئافرەت لە ژیانی سیاسیدا. کۆمەلگای توێژینەوەکە شاری هەولێر بووە، نمونەی توێژینەوەکە (300) کەس بوون کە بە ڕێگای هەڕەمەکی چینایەتی "ئاوێتەیی" هەلبژێردراون. گرنگترین ئەنجامەکان ئەوە بوون کە: یاسا دەرچووەکانی هەرێم کاریگەری ئەرێنی هەبووە لە سەر پێگە و ڕۆڵی ئافرەتی کورد. هەروەها داب و نەریتە باوەکان لە کۆمەڵگا کاریگەری نەرێنی هەیە لە سەر لاوازبوونی پێگە و ڕۆڵی ئافرەتی کورد لە کۆمەڵگا.

**دووەم: توێژینەوەی (کەژاڵ حسین محمد 2015)**، بە ناونیشانی "مساهمة المرأة الكوردية فى التنمية". ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە؛ ناساندنی ڕۆڵی ئافرەتی کوردی لە گەشەپێدانی کۆمەلگای کوردیدا. بە ئاڕاستەی چەندایەتی ئەنجام دراوە، پشتی بەستوە بە میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی. کۆمەڵگای تویژینەوەکە ئەندامانی دەستەی مامۆستایان و وانەبێژان لە زانکۆی سلێمانی بوون کە ژمارەی نمونەکەی پێکهاتبوون لە (200) کەس، بە شێوەی نمونەی چینایەتی هەڕەمەکی

هەلبژێردراون .گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوە بوون کە: ئافرەتی کورد ڕۆڵێکی بەرچاویان لە گەشەپێدانی کۆمەڵگای کوردی هەیە. سەبارەت بە ڕۆڵی ئافرەت لە بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتی و کولتووری، ئابووری و سیاسی دەرکەوتوو کە لە بە پلەی یەکەم لە بواری ئابووری، دواتر کۆمەڵایەتی و کولتوری ڕۆلی بەرچاویان هەیە، بەڵام ڕۆڵیان لە بواری سیاسی کەمترە بە بەراورد بە بوارەکانی دیکە .

### 3. پەروەردەو خوێندنی ئافرەتان وەکو یەکێک لە دەرکەوتەکانی گەشەپێدان و نوێبوونەوە لە کوردستان :

لە گرنگترین فاکتەرەکانی گۆڕان و نوێبوونەوەی کۆمەڵگە مەعریفەیە، زۆربەی تیۆردانەرانی بواری هێزە مرۆییەکان لەو باوەڕەدان کە فێربوون هەنگاوی یەکەم و سەرەکی داڕشتنی پلانی گەشەپێدانی هێزە مرۆییەکانە، کە ئەمەشیان بنەماو هۆکاری سەرەکی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری کۆمەڵگەن(نادری،1994: 49). پێشکەوتن و زانیاری و خوێندن ئاراستەیەکی عەقڵی لە نێو کۆمەڵگە دروستدەکەن، کە دەبێتە هۆی یارمەتیدەری رزگارکردنی مرۆڤەکان لە ژێر دەستەیی نەریت و خوڕافات و هێزە نادیارەکان، کەئەمانە لەو کاتیش بوونەتە هۆی ڕاوەستان و پەککەوتنی جوولەی کۆمەڵگە(مصطفی،2002: 57). لایەنێکی نوێبوونەوە، پەرەسەندنی خوێندنە لە کوردستان لە ڕووی مێژووییەوە، لە سەرەتادا لە سەر سیستەمی ئایینی پەرەی سەندوە، حوجرەکان شوێنی ووتنەوەی زانستە ئایینیەکان و ئەلف و بێ و زمانەکان بووە، بەتایبەتی زمانی عەرەبی، خوێندنی زۆرینەی کۆمەڵ لەسەر ئەم شێوازە بووە، بەردەوام لە بڵاوبوونەوەو پەرەگرتندا بوون، بەجۆرێك ئەوانەی کەمێك شارەزای ئایین و خوێندەوار بوون لە ماڵەکانیاندا ئەو جۆرە خوێندنگایانەیان کردۆتەوە(حەمید،1984: 88). هەرچەندە خوێندنی کچان بە خوێندنی ئایینی دەستی پێکردووە بەڵام تا ساڵانێکی درەنگ و کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە بە تەواوی نابینرێت(شوانی،2002: 64).

خوێندن لە کوردستان لە سەرەتای سەدەی بیست پەرەدەسێنێت، بەتایبەتی دوای گۆڕانکارییەکانی کودەتای ساڵی (1908) ی کۆمەڵەی ( ئیتحاد و تەرەقی) بوژانەوە بە خۆوەدەبینیت، کە بە ئامانجی پروپاگەندە خوێندنیان کردبووە یەکێك لە دروشمەکانیان، ژمارەیەك خوێندنگەی زۆر دامەزرێنران لە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەر ئایدۆلۆژیای ئەو کۆمەڵەیە پرۆگرامیان بۆ دانرابوو، لەم سەرو بەندەدا کۆمەڵێك خوێندنگەی کچان دامەزرێنران، لە ساڵی (1914)دا، بڕیاردا بە کردنەوەی چەند خوێندنگەیەك بۆ کچان لە میزۆپۆتامیا، کە لە هەرسێ ویلایەتەکەدا (13) خوێندنگە هەبوون(شوانی،2002: 187).

بەهۆی هەوڵی ئەندامانی کوردی لقی سلێمانی ئیتحادو تەرەقی لە (17) ی کانوونی یەکەمی (1915) یەکەم خوێندنگەی فەرمی لە سلێمانی دامەزرێنرا، لە پێناو بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری، ئەو گۆڕانکارییانەی هاتبووە ئاراوە ناوچە کوردییەکانی گرتبۆوە. خوێنکارانی ئەو خوێندنگەیە بە گشتی منداڵانی ڕۆشەنبیر و دەوڵەمەندەکانی شار بوون(عەبدول،2007: 46-47) .ساڵی (1925-1926) دامەزراندنی قوتابخانەی کچان لە پەرەسەندندا بوو. لەم ساڵەدا دوو قوتابخانە لە کەرکوك کرایەوە، (120) قوتابی و(4) مامۆستای هەبووە، لە هەمان ساڵدا لە سلێمانی قوتابخانەی کچان دامەزرێنرا (119) قوتابی و(3) مامۆستای هەبووە، ساڵی خوێندنی(1925-1926) بە ساڵی پرشنگدار دادەنرێت لە ڕووی دامەزراندنی قوتابخانەکانی کچان(الهلالي،2000: 118).

لە شاری هەولێریش لە ساڵی (1926) "ئەربیل ئولا" وەک یەکێک لە قوتابخانەکانی سەردەمی پادشایەتی لە عێراق، لە بیستەکانی سەدەی رابردوو دروست دەکرێت. قوتابییانی کچ و کوڕ لە هەموو پێکهاتە جیاوازەکان کورد، تورکمان، عەرەب، ئەرمەن و جوولەکە بەیەکەوە دەچنە هۆڵەکانی خوێندنەوە و ماوەی (80) ساڵ پرۆسەی پێگەیاندن و خوێندنی تیایدا بەردەوام دەبێت، ماوەی (10) ساڵیشە بووەتە مۆزەخانە و ئەرشیفی پەروەردەی هەولێر و بەشێک لە کەلوپەل و دەستنووس و بەڵگەنامەی قوتابییان و مامۆستایانی تیادا نمایشکراوە کە بۆ (100) ساڵ لەمەوبەر دەگێڕیتەوە"(بەرزنجی،2022:1) .تا سییەکانی سەدەی بیستەم قوتابخانەی کچان لە ناوچە جیاوازەکان لە ڕووی پەرەسەندنەوە وەك یەك نەبوون، لەم ساڵانەدا لە چەند ناوچەیەکی دیکەش قوتابخانەی کچان دامەزرێنرا (الهلالي،2000: 123-124).

هەرچەندە دامەزراندن و و پەرەسەندنی خوێندنی کچان لە باشووری کوردستان لەو سەردەمانەدا جۆرە سستی و پچرپچرییەکی پێوە دیارە، بەڵام دامەزراندنی قوتابخانەکان لە هەر قۆناغ و ناوچەیەکدا گۆڕانکاری جەوهەری بووە لە بەرەو پێشبردنی ئاستی هۆشیاریی کچان و ئافرەتان، بەتایبەت بۆ ئەو قۆناغە، کە دووچاری زۆرترین کۆسپ و تەگەرە دەبوونەوە بەهۆی کولتووری

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵگەی کوردی، بۆیە گرنگیی و بایەخی خۆی هەبووە و، بۆتە بنەمای پێشکەوتنەکانی ژیانی ئافرەتی کورد لەو سەردەمانەدا. بە تێپەربوونی قۆناغ و بارودۆخە جیاوازەکان دامەزراندنی قوتابخانەی کچان ڕوو لە زیادبوون بووە، سەرەڕای ئەوەی بووەتە پێویستیەکی سەردەم و جێی بایەخی سەرجەم چین و توێژە جیاوازەکان.

### 1.3. بەشداری ئافرەتان لە کەرتی پەروەردە:

بەرزی ئاستی خوێندەواری و ڕۆشەنبیری ئافرەت هۆکارێکە بۆ ئەوەی ڕۆڵ و پێگەیەکی بەرچاویان لە خێزان و کۆمەڵگا بە گشتی هەبێت، چونکە نەخوێندەواری وا لە ئافرەت دەکات نەتوانێت لە زۆر بواری ژیاندا بەشداربێت. هەردەم بارودۆخی کۆمەڵایەتی، ئابووری وپابەند بوون بە داب و نەریتە کۆنەکان، جیاکاری نێوان نێرو مێ کاریگەری و ڕۆڵیان لە ڕێگەدان بە خوێندن و ڕێگەنەدانی هەبووە(ویبستر،1986: 162). هەربۆیە هەرێمی کوردستان بایەخ و گرنگیەکی زۆری بە خوێندەواری بەتایبەتی لە نێو کچان داوە. چونکە یەکێك لە ئامانجەکانی جیهانی سەردەم خوێندەواری پێگەیشتووانە کە نیشاندەر و ئامانجی گەشەپێدانی هەزارەی نوێیە. لە ڕووپێوی(MICS)دا، دەردەکەوێت پێشکەوتنێکی زۆر لە بواری پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا بەدیهاتووە، بەجۆرێك ڕێژەی خوێندەواری ئافرەتانی تەمەن(15-24) ساڵ بەرزبۆتەوە لە(64%) لە ساڵی (2006) بۆ (78%) لە ساڵی(2011)دا(دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و ڕووپێوی هێشویی فرەنیشاندەر،2006تا2011: 3-31).

**ڕێژەی پەیوەندیکردن بە خوێندن:** مەبەست کۆی پەیوەندیکردنی قوتابیانە بە خوێندن کە بریتییە لە ژمارەی قوتابیان ئەوانەی پەیوەندی دەکەن بە خوێندن لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا و لە ساڵێکی دیاریکراودا(الدولي،2014: 151). بۆیە پەیوەندیکردن بەخوێندن لە هەرێمی کوردستان و شارەکانی (هەولێر ، سلێمانی، دهۆك) بەم شێوەیەیە وەك لە خشتەیەی خوارەوە دەردەکەوێت(دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان،2021: 4).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی (1) بەرزترین بڕوانامەی بەدەستهاتوو بۆ ساڵی(2021) و بەپێی ڕەگەز.

| بڕوانامەی بەدەستهاتوو بۆ ئەندامانی خێزان | هەرێمی کوردستان | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | نێر | مێ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بڕوانامەی نیە نەخوێندەوار | 16.0 | 13.6 | 16.5 | 18.7 | 9.3 | 22.5 |
| بڕوانەی نیە( تەنها دەخوێنێتەوە) | 2.8 | 3.4 | 2.7 | 2.1 | 2.4 | 3.2 |
| بڕوانامەی نیە( دەخوێنێتەوە و دەنوسێت) | 18.1 | 17.5 | 17.5 | 20.1 | 20.4 | 15.9 |
| سەرەتایی | 24.3 | 25.0 | 23.1 | 25.4 | 26.8 | 21.9 |
| ناوەندی | 14.9 | 16.0 | 14.2 | 14.6 | 16.7 | 13.3 |
| ئامادەیی | 9.1 | 8.9 | 9.5 | 8.6 | 9.5 | 8.8 |
| پیشەیی | 1.5 | 1.9 | 1.8 | 0.5 | 2.4 | 0.6 |
| دبلۆم( پەیمانگە) | 6.2 | 6.6 | 6.6 | 5.2 | 5.8 | 6.7 |
| بکلۆریوس | 6.7 | 6.8 | 7.8 | 4.6 | 6.5 | 6.9 |
| خوێندنی باڵا | 0.3 | 0.3 | 0.3 | 0.3 | 0.4 | 0.2 |


ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو داتایانە بۆمان دەردەکەوێت لە نێو ڕێژەی ئەو تاکانەی پەیوەندیان بە خوێندن کردووە لە هەرێمدا، ڕێژەی ئەو کەسانەی خوێندەوارن و تەمەنیان لە (45-15) لە هەرێمی کوردستان دەگاتە (18.1)، بەرزترین ڕێژەی خوێندەواری لە شاری دهۆك بەدی دەکرێت کە دەگاتە (20.1)، لە کاتێکدا ڕێژەی خوێندەواری لە شاری هەولێرو (17.5)و لە شاری سلێمانی ڕێژەکە هەمان شتە کە دەگاتە(17.5)، بەڵام لەم ڕێژەی خوێندەواری پیاوان زیاترە لە هەرێم کە دەگاتە (20.4) بەرامبەر بە ڕێژەی خوێندەواری ئافرەتان کە ڕێژەکەی دەگاتە.(15.9)

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2.3. ڕۆڵ و بەشداری ئافرەت لە دامەزراوەکانی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان** :سەبارەت بە ڕۆڵی ئافرەت وبەشداریکردنی لە دامەزراوەکانی پەروەردە، هاوئاهەنگ لە گەڵ خێزان بۆ پێگەیاندنی تاکەکان و پەرەپێدان و بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگا، ئاشکرایە کە قوتابخانە ئامرازێکە کە کۆمەڵگا دروستیکردووە لە گەڵ خێزان، بۆ گواستنەوەی ڕۆشەنبیری و بڵاوبونەوەی کولتوور و ئاراستەکردنی ڕۆڵەکان بە شێوەیەکی دروست. قوتابخانە و خێزان دوو دەزگان بۆ سەرپەرشتیکردن لە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون. بۆیە هەردوو دەزگا ئامرازێکن، کە ڕێگە خۆش ئەکەن بۆ نەوەکانی دوارۆژ و گواستنەوەی ئەزموونی ڕابردوو بۆیان، دواتر ڕێگە ئاسان دەکەن بۆ پلان و پرۆژە دوارۆژییەکانیان، بە شێوەیەکی گشتی کاتێك دەچنە ناو پرۆگرامەکانی دەزگای پەروەردەییەوە(الدولي2014: 153).

-هەوڵدان بۆ زیادکردنی ڕێژەی کچان لە خوێندندا: وەزارەتی پەروەردە هەردەم لە هەوڵدابووە بۆ بەدیهێنانی یەکسانی ڕەگەزی لە بواری خوێندن دا، لە ڕێگای( قوتابخانەی تایبەت بە کچان، خوێندنی خێرا، خولی نەهێشتنی نەخوێندەواری...)، ئەگەر بەپێی پێویستیش نەبووبێ، بەڵام بە ڕادەیەکی باش هاتۆتە پێش و هەوڵەکانی بەردەوامن(ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان و گەشەپێدان،2019: 22).

وەک لە وێنەی ژمارە (1) دەخرێتەڕوو ڕێژەی بەشداری کوڕان و کچان لە خوێندن بە پێ ساڵی خوێندن لە پارێزگای هەولێر، کە ئەم ئامارە لە وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان و بەڕێوەبەرایەتی ئامار وەرگیراوە.




وێنەی (١): ڕێژەی بەشداربوونی کوڕان و کچان لە خوێندن بەپێی ساڵی خوێندنیان لە پارێزگای هەولێر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زیادبوونی ڕێژەی کچان لە فۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا ئاماژەیەکی گرنگە، بۆ بەرەو پێشچوون و هاتنە ناوەوەی کچان لە بواری پەروەردەدا، بەتایبەتی لە ساڵانی خوێندنی (2022-2023)، کە ڕێژەی بەشداربوونی کچان لە خوێندندا بەرێژەیەکی بەرچاو زیادیکردوە .

ڕۆڵی ئافرەتی کورد ئەمرۆ هیچی لە ڕۆڵی پیاو کەمتر نییە بەوەی نیوەی کۆمەڵە و لە مەیدانی خەبات و تێکۆشان و زانیاریدا لە سەنگەری پێشەوەیە. ئاشکرایە کە کاری مامۆستایەتی و پەروەردەو و فێرکردن لە قوتابخانەکانیشدا بە ئافرەت سپێردراوە، بۆیە دەبینین لە زۆربە وڵاتان و تەنانەت لە هەرێمی کوردستان و ناوەندی هەولێری پایەتەخت زۆرتر ئافرەتان مامۆستا، بەرێوەبەر، یاریدەدەری بەرێوەبەرن، بەتایبەتی لە قۆناغی باخچەی ساوایان و بنەڕەتین. کەواتە لە قوتابخانەشدا بەشێکی بەرچاوی ئەرکی پەروەردەکردن و فێرکردن دەکەوێتە ئەستۆی ئافرەت، مامۆستایەکی رۆشنبیر و هۆشیار ڕۆڵ دەگێرێ بۆ ئەوەی قوتابیەکی رۆشەنبیرو هۆشیار بەرهەمبهێنێت و ببەخشێتە کۆمەڵگە.
لەم ڕووەوە بەپێیی ئامارەکان دەریدەخەن، کە ڕێژەی مامۆستایانی ئافرەت بە پێی پیشە لە بواری خوێندندا ڕوو لە زیادبوونە بەرامبەر بە ڕەگەزی نێر، لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن لە ناوەندی شاری هەولێر. وەك لەخشتەی خوارەوە دەردەکەوێت :

خشتەی(2) ژمارەی مامۆستایان بەپێی پێگەی وەزیفی و ڕەگەز لە ناوەندی شاری هەولیردا

| پەروەردە | بەرێوەبەر | | یاریدەدەر | | مامۆستا | | مامۆستای پیشەیی | | ڕابەری پەروەردەیی | | توێژەری کۆمەڵایەتی | | کۆی گشتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ناوەندی هەولێر | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | کۆ |
| 2014-2015 | 53 % | 47 % | 48 % | 52 % | 29 % | 71 % | 75 % | 25 % | 27 % | 73 % | 35 % | 65 % | 32 % | 68 % | 16348 |
| 2021-2022 | 49 % | 51 % | 44 % | 56 % | 26 % | 74 % | - | - | - | - | - | - | 29 % | 71 % | 13802 |

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر وەك دەرکەوتووە لە خشتەی سەرەوە، ژمارەی مامۆستایان، بەڕێوەبەرو یاریدەدەر لە ڕەگەزی مێ زیادیکردووە لە ناوەندەکانی خوێندن بەپێی پیشەکەیان، تەنها مامۆستای پیشەیی نەبێت، کە لە ساڵانی(2014-2015)، ژمارەی مامۆستایانی ڕەگەزی نێر زیاترە، لەم ڕوانگەیەوە کە قوتابخانە پیشەییەکان زیاتر گونجاوە بۆ ڕەگەزی نێر، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە کە ئافرەت بەشداریەکی چالاکیان هەیە لە کەرتی پەروەردەو فێرکردندا.

دام و دەزگا فێرکارییەکان تەنها قوتابخانەکان نین، بەڵکو پەیمانگا و زانکۆکانیش لەخۆ دەگرێت، ئەمانەش یەکەمین دەزگای کاریگەرن لە سەر تاك دوای خێزان و قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی.

ئەم دەزگایانە کاریگەری گەورە دەکەنە سەر دیاریکردنی ئاراستە و بیری قوتابیەکان، کاتێك قوتابی بەشێوەیەکی سروشتی تێکەڵی ئەم دەزگایانە دەبێت کە بونیات و ڕۆڵێکی زۆر دیاریان هەیە لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی، کاتێك هاوڕێ و هاوپۆلی لە دەرەوەی سنووری خێزانی بۆ پەیدا دەبێت، بیرۆکەی جیاوازیان هەیە سەرەڕای نزیکبوونەوە و ناسینیان بە چەند دەسەڵاتێکی بەرپرس کە لە کارگێڕی قوتابخانەن لە چالاکیە جۆراو جۆرەکان، وەکو بەرێوەبەرەکان، مامۆستاکان، سەرۆکی تیپە وەرزشیەکان و کۆمەڵەکان و لیژنەکان.. هتد، هەموو ئەمانە لەسەر بنەمای ئەو دەسکەوتانەن کە بەدەستی دێنن.

ئەم دەزگایانە هەوڵدەدەن بۆ گەشەپێدان و پێشکەوتنی بەهای مەدەنی کەسایەتی قوتابی وەك: ویست و ئازایەتی و خۆشەویستی کارکردن، ڕێزگرتن لە کات، خۆبەخشی، لێبوردەیی، یەکسانی، هاوکاری، هۆشیاری بە ئەرك و مافەکان، پاراستنی ژینگە، بەکارهێنانی دروستی سەرچاوەکانی ووزەو ئاو، ڕەخنەگرتن و شیکردنەوەو دەرکردنی بڕیارەکان، چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکان و سەروەری یاسا، هەروەها ئەم دەزگایانە هەڵدەستن بە گەشەپێدان و پێشخستنی هەستی نیشتمانی لای قوتابی، لە ڕێگەی جەختکردن لەسەر دەرخستنی وێنەی گەل و نیشتمان و بەشدارییپێکردنی لە بونیاتنانی شارستانیەتی مرۆڤ، هەموو ئەمانە وا لە قوتابی دەکات کە هۆشیاری نەتەوەیی و سیاسی وەربگرێت لەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژیت(الاسود،1986: 271).

سەبارەت بە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستاندا، ئەم وەزارەتە سەرپەرشتی دەزگا و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان دەکات، پلان و بەرنامەی ستراتیجی بۆ کێشە و پرۆسەی خوێندن و فێربوون و پەرەپێدانی توێژینەوەی زانستی دادەڕێژێت.

ئاشکرایە لە پاش ڕاپەڕین تەنها زانکۆی سەلاحەدین و چەند پەیمانگایەك هەبوو لە نێو سەنتەری شارەکاندا، بەڵام لە دوای زۆربوونی دانیشتوان و زیادبوونی خواستەکانی خوێندن و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان ژمارەی زانکۆو پەیمانگاکان زیادی کرد، بە شێوەیەك لە هەر شارێك و شارۆچکەیەك زانکۆو پەیمانگای تایبەت بە خۆی هەیە، (15) زانکۆی حکومی هەیە لە هەرێم، کە دابەش بوونە بەسەر شارەکانی کوردستان، کە (6) زانکۆیان لە پارێزگای هەولێرە، تەنها لە سەنتەری شاری هەولێر(4) زانکۆی تێدایە، هەروەها (18) زانکۆ و لقی زانکۆیی ناحکومی لە شارەکانی کوردستان کراونەتەوە، لەبەر ڕۆشنایی ڕێنمایی کردنەوەی پەیمانگەی ناحکومی تا ئێستا (١٢) پەیمانگە لە شار و شارۆچکە جیاکانی هەرێمی کوردستان بەپسپۆڕی جیا و بەپێی پێداویستەکانی بازاری کار کراونەتەوە(دەستەی ئاماری هەرێم،2021: 18). ساڵ بەساڵ ژمارەی بەشە زانستیەکانیان زیاد دەبێت، لەم نێوەندەشدا ڕێژەی قوتابی کچ هاوشێوەی ڕێژەی قوتابی کوڕە لە خوێندندا لە زیادبووندایە، هەروەها لەسەر ئاستی ماستەرو دکتۆرا تاڕادەیەك ژمارەیەکی بەرچاوی ڕەگەزی مێ هەیە لە گشت بوارەکاندا،

سەبارەت بە ژمارەی مامۆستا پسپۆرییەکان لە کۆلیژو پەیمانگاکان بە پێی ڕەگەز، لە واقیعی ئێستادا ئافرەت تاڕادەیەك توانیویەتی هەنگاو بنێت، لەسەرجەم زانکۆو پەیمانگاکانی هەرێم بەپێی پسپۆرییەکانیان، ئەگەر چی تا ئێستاش ڕێژەکەی زۆر کەمتر دەردەکەوێت بەتایبەت لە پسپۆریە بەرزەکان، بەجۆرێك دوورە لە یەکسانبوونی لەگەڵ ڕەگەزی نێر، وەك لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت. کە توێژەر ئەم داتایانەی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی وەرگرتووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی(3) ژمارەی مامۆستایان بە پێی پلەی زانستی و ڕەگەز لە گشت زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (2022-2021)

| پلەی زانستی | نێر | مێ | کۆ | بڕوانامە | نێر | مێ | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پرۆفیسۆر | 432 | 83 | 515 | دکتۆرا | 3095 | 1095 | 4190 |
| پرۆفیسۆری یاریدەدەر | 1492 | 516 | 2008 | ماستەر | 3846 | 2668 | 6514 |
| مامۆستا | 2273 | 1187 | 3460 | دبلۆمی یەك ساڵە | 28 | 11 | 39 |
| مامۆستای یاریدەدەر | 2337 | 1723 | 4060 | دبلۆمی دوو ساڵە | 12 | 8 | 20 |
| بێ نازناو | 407 | 254 | 661 | کۆ | 6941 | 3763 | 10763 |
| دبلۆمی یەك ساڵە | 28 | 11 | 39 | | | | |
| دبلۆمی دوو ساڵە | 12 | 8 | 20 | | | | |
| کۆ | 6981 | 3782 | 10763 | | | | |

سەبارەت بە ڕێژەی مامۆستایان ، زۆرترین ڕێژەی مامۆستایان بەر زانکۆ و پەیمانگاکانی شاری هەولێردا کەوتووە، مامۆستای ئافرەت لە سەرجەم پسپۆڕەکان بەدی دەکرێن، وەك لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت:

خشتەی(4) ژمارەی مامۆستایانی ئافرەت بە پێی پلەی زانستی لە زانکۆو پەیمانگاکانی حکومی شاری هەولێر بۆ ساڵانی خوێندنی (2022-2021)

| زانکۆ | دکتۆرا | | | ماستەر | | | بێ نازناوی زانستی | دبلۆمی باڵا | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | پ. | پ.ی. | م. | پ.ی. | م. | م.ی. | | یەك ساڵە | دوو ساڵە | کۆ |
| | مێ | مێ | مێ | مێ | مێ | مێ | مێ | مێ | مێ | مێ |
| سەلاحەدین | 30 | 104 | 131 | 36 | 165 | 475 | 81 | - | - | 1022 |
| هەولێری پزیشکی | 7 | 46 | 70 | 9 | 36 | 93 | 11 | 3 | - | 275 |
| پۆلیتەکنیکی هەولێر زانکۆ و پەیمانگە | - | 7 | 30 | 3 | 32 | 123 | 24 | - | - | 219 |
| کۆی گشتی | 37 | 157 | 231 | 48 | 233 | 691 | 116 | 3 | - | 1516 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەپێی داتاكانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو تویێژینەوەی زانستی، كۆی گشتی ژمارەی مامۆستایان بە هەردوو ڕەگەز (نێر- مێ)ەوە لە زانكۆكانی شاری هەولێر (3787)(*) ، ڕێژەی مامۆستایانی ئافرەت تیایدا دەگاتە (1516)مامۆستا، و مامۆستایان لە ڕەگەزی نێردەگاتە (2271)، تەنها لە زانكۆی سەلاحەدین مامۆستایانی ئافرەت ڕێژەكەیان دەكاتە(1022)مامۆستا، هەروەها (275) مامۆستا لە ڕەگەزی (مێ) لە زانكۆی هەولێری پزیشكی و،(219) مامۆستا لە ڕەگەزی(مێ)، لە زانكۆی پۆلیتەكنیكی هەولێر ڕێژەكەی دەگاتە( 219)، زانكۆكانی شاری هەولێر زۆرترین ڕێژەی مامۆستایانی ئافرەتی تێدا بەدی دەكرێت بە بەراورد لە گەڵ زانكۆكانی تری هەرێم، ئەمەش نیشاندەرێكی باشە و هەنگاوێكی بوێرانەیە كە بەرزترین ڕێژەی مامۆستای ئافرەت لە زاكۆكانی شاری هەولێرن، وەك لە خشتەی خوارەوە دەردەكەوێت:

خشتەی(5) ژمارەی مامۆستایانی ئافرەت لە زانكۆكانی هەولێرو سلێمانی و دهۆك بۆ ساڵی خوێندنی(2021-2022)

| زانكۆكانی | دكتۆرا | | | ماستەر | | | بێ نازناوی زانستی | دبلۆمی باڵا | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | پرۆفیسور | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | مامۆستا | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | مامۆستا | مامۆستای یاریدەدەر | | یەك ساڵە | دوو ساڵە | كۆ |
| | مێ | مێ | مێ | مێ | مێ | مێ | مێ | مێ | مێ | مێ |
| هەولێر | 37 | 157 | 231 | 48 | 233 | 691 | 116 | 3 | - | 1516 |
| سلێمانی | 27 | 174 | 209 | 20 | 221 | 571 | 58 | 1 | - | 1281 |
| دهۆك | 16 | 85 | 104 | 21 | 138 | 388 | 48 | 2 | - | 802 |
| هەڵەبجە | - | - | 2 | - | 14 | 12 | - | - | - | 28 |
| كۆی گشتی | 80 | 416 | 546 | 89 | 606 | 1662 | 222 | 6 | - | 3627 |

(*) توێژەر تەنها داتاكانی ڕەگەزی مێ ی لە كۆی داتاكانی ( وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی) ئاماژە پێكردووە.

لەبەر ئەوەی پرۆسەی فێرکردن گرنگترین فاکتەرە لەسەر بەرهەمهێنان و گەڕانەوەی بەرهەمی بونیاتی کۆمەڵایەتی جیاواز. ئاشکرایە کە فێرکردن تەنها پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی جیاواز نیە لە بونیاتەکانی تری کۆمەڵگا، دەروازەکانی فێرکردن تەنها کاریگەری لەسەر دەرهاویشتەکان نییە، بەڵکو بریتیە لە پرۆسەیەك پێکهاتەی بونیاتی کۆمەڵایەتی دووبارە دەکاتەوە لەسەر بنەمای نزیکبون و جیاوازی لەیەکتر بە پشت بەستن لەسەر ناوەڕۆکەکەی(الفقير،2001: 193).

پرۆسەی فێرکردن لە زانکۆو پەیمانگاکان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە زیادکردنی سامانی تاك و کۆمەڵگەکان، لە نموونە ڕوونەکانی، ڕۆڵی زیادکردنی بەرهەم و زیادکردنی ئاستی بژێوی خەڵك، وەك ئەوەی ڕوویدا لە هەریەك لە وڵاتانی دانیمارك و ژاپۆن کە سەرچاوەی سروشتیان کەمە، بەڵام گەشەپێدانێکی خێراتریان بە بەراورد لە گەڵ هەندێ وڵاتانی دراوسێیان بەدەست هێنا، ئەگەرچی خاوەنی سەرچاوەو سامانی مەزن بوون هەروەها وەك ئەوەی لە ئەلمانیا و سویسراش ڕوویاندا، کە بەهرەکانی مرۆڤی خوێندەوار ڕۆڵێکی مەزنی بینی لە گەشەپێدانی گشتگیر. زانای ئەمریکی (لۆرنس ئی. هاریسۆن). ئاماژە بەوە دەکات کە تواناکانی خوێندەواری بریتییە لە دەروازەیەکی زێڕین بۆ گەشەپێدانی ئابووری و بەدەستهێنانی گەشەپێدانی گشتگیر، وای دەبینی پێویستی بە ئامادەکردنی ژمارەیەکی زۆری مامۆستاو وانەبێژ هەیە، لەبەر پێویستی کۆمەڵگا بۆیان، لە پێناو بەرفراوانبوونی فێرکردن بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە(الإمام،1980: 113-111).

هەربۆیە هەرێمی کوردستان لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە دۆخی ئافرەتان بەرەو پێش ببات ئەویش بە کردنەوەو دانانی پرۆژەی گرنگ، کە هەولێگی گرنگە بۆ سوودمەندبوونی ئافرەتان و بەرەوپێش چوونی بارودۆخیان، لەوانەش: جێبەجێکردنی پرۆژەی تواناسازی قوتابیان لە ساڵی (2011)، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و توانای قوتابیان، کە نێردرانە زانکۆ پێشکەوتووەکانی وڵاتانی جیهان، کە ژمارەیەك قوتابی سوودمەندبوون لەم پرۆژەیەدا و ڕیژەیەکی زۆری قوتابیانی کچ لەو سوودمەندانە بوون(ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان،1992تا2019: 24).

بەڕای توێژەر ئەوەی سەرمایە بەرهەم دەهێنێت و پەرەی پێ دەدات دەزگاکانی سیستەمی پەروەردە و خوێندنی باڵایە، کەواتە دەتوانین جەخت لەسەر ئەو ڕاستیە بکەینەوە کە ئەم دوو دەزگایە بە ڕێگای بایەخدان بە سەرمایەی مرۆیی دەتوانێت ڕۆڵی باڵا بگێڕیت لە پێشکەوتنی لایەنی ئابووری و دواتر

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵگە، لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیە، ئەو سەرمایە مرۆییەی لە گەشەپێدانی مرۆڤ دەبینرێت، ئەوەیە کە گۆڕانکاری و وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی کە دەزگاکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەیکات، لە ئەنجامدا زەمینەی نوێگەری و گۆڕانکاریی دێنێتە کایەوە.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونەدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی پلان و پرۆژەکانی لە هەوڵدانە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانەی دایڕشتوە لە (پلانی گەشەپێدانی ستراتیژی هەرێمی کوردستان) و (دیدگای 2030)، کە پێشخستنی بواری پەروەردەو خوێندنی باڵایە کە لە پێشینەی دووەمی ئامانجەکانیەتی، هەروەها دەستەبەرکردنی یەکسانی لە بواری خوێندندا بۆ هەردوو ڕەگەزی(نێرومێ). بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئاراستە ستراتیژییە تا ساڵی(2030)، کار لەسەر جێبەجێکردنی ئەم ئامانجانە دەکات، کە یەکێک لە گرینگترین ئامانجەکان؛ ڕەخساندنی هەلی یەکسان بۆ دەستگەیشتنی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا بە ژینگەی خوێندنی لەبار و پرۆگرامی خوێندنی گونجاو، کە لەگەڵ پێداویستییەکانی بنیادنانی کارامەییەکانی سەدەی بیست و یەک بگونجێ لە کەرتی پەروەردەو خوێندنی باڵا بەبێ ڕەچاوکردنی جیاوازی جێندەری، چینایەتی، ئاینی، نەتەوەیی(ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان،1992تا2019: 39).

بەپێی ئەم داتایانە بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی ئافرەت زیادی کردووە، چ وەك مامۆستا یان قوتابی یان فەرمانبەران تا ڕادەیەك لە دەزگاکانی پەروەردەو فێرکردن، ئەگەر چی تا ئەو کاتەش ڕێژەکەی نەگەیشتۆتە ئاستی ڕێژەی مامۆستاو قوتابی فەرمانبەران لە ڕەگەزی نێر، لە کاتێکدا ئەم دەزگایە دەتوانێت بە پاڵپشتیکردن و دانانی پلان و پرۆژەو میکانیزمی کاراتر و چالاك بۆ خستنە ناوەوەی ڕەگەزی مێ لەم دەزگایانە، ئەویش لە ڕیگای دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانی مادی و مەعنەویەکانی و، هەروەها کەمکردنەوەی ئەو ئاستەنگانەی دێنە بەردەم مامۆستای ئافرەت لەم بوارەدا، تاکو ببێتە ئامرازێکی کاریگەر بۆ هێنانەکایەی گۆڕانکاری و پێشکەوتنی کۆمەڵگە.

کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە ڕۆڵی ئافرەت لە دەزگاکانی پەروەردەو فیرکردن بریتییە لە پێگەیاندن و گەشەپێدانی نەوەکان. دەزگاکانی پەروەردەو فێرکردن بە بنەمایەکی گرنگ لە کۆمەڵگە دادەندرێت، کە مەبەستی بونیاتنانە بۆ پارێزگاریکردنی کولتوورەکەی و گواستنەوەی زانیاری و مەعریفەکان لە نەوەیەك بۆ نەوەیەکی تر، کە دەبێتە هۆی دابینکردنی هەلی گونجاو بۆ گەشەپێدانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵایەتی، چونکە بوونی ئافرەت لەگەڵ پیاودا لە زانکۆو پەیمانگاکان لە هەر شوێنێك، واتای ئاگادارکردنەوەی تاکە، لە گواستنەوەو پێدانی مەعریفە یان مەشقپێکردنیان لەسەر چالاکیەکی دیاریکراو و هونەری و زانستی جۆراوجۆر، وایان لێدەکات زیاتر هۆشیاربن لە ڕووی هونەرو زانیاریەکان.

دەتوانین بڵێین کە سیستەمی پەروەردەو فێرکردن بناغەیەکی پتەوی کۆمەڵگەیە. هۆکارێکی گرنگی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیە لە هەر کۆمەڵگەیەك، هەر بۆیە قوتابخانە بە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی دادەندرێت کە لەناوەندی کۆمەڵایەتی بە ئاشکرایی جیا دەکرێتەوە، هەروەها قۆناغی دووەمە دوای خێزان بۆ پەروەردەو پێشخستنی منداڵ لە ڕوانگەی هزری و کۆمەڵایەتیەوە، کە ئافرەت رۆڵێکی سەرەکی تێدا دەگێڕێت. لە هەرێمی کوردستان ڕۆڵ و بەشدارییەکی بەرچاوی هەیە، بەتایبەتی لە پەروەردەو فێرکردنی ڕۆڵەکانی بە بەها بەرزەکانی کۆمەڵگەو ڕەوشت و کەلتووری نوێ، لەوانە مەعریفەو هزری نوێ کە زۆر گرنگن و پابەندن بە یاساکان، هەروەها چاندنی هەستی نەتەوایەتی و دڵسۆزی و ئینتمایان بۆ وولات و کۆمەڵگەکەیان. هەروەها هاوکارە بۆ تێگەیشتن بەها بەرزەکان و، گونجانیان لەگەڵ کۆمەڵگە و هەستکردن بە ئینتیمابوون کە هەموان کۆدەکاتەوە لە چوارچێوەی وڵات، ئەویش یەکێکە لە گرنگترین بنەما بنەڕەتیەکان گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی.

## 5. دەرئەنجامەکان:

1. لە میانی ئەو ڕوانگە تیۆرییانە کە خرانەڕوو، بەو دەرئەنجامە دەگەین کە هەموو ئەو ئاراستە فکرییانەی کە لە بواری ئافرەتان و گەشەپێدان کاریان کردووە، هەوڵی سەرەکییان بەشداری پێکردنی ئافرەتان بووە لە پرۆسە و پرۆگرامەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی. بەتایبەتی لە وڵاتانی لە حاڵی گەشەسەندن، کە عێراق و کوردستانیش دەچنە چوارچێوەی ئەو وڵاتانە. بۆیە دەکرێت سوود لە ئەزمون و زانستی ئەو وڵاتانە وەربگیردرێت بۆ هەرچی زیاتر بەشداری پێکردن و سود وەرگرتن لە توانای ئافرەتان لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی.

2. لە میانی ئەو زانیاری و داتایانەی کە خرایەڕوو، دەردەکەوێت کە لە ماوەی چەند دەیەیی ڕابردوو ئەگەرچی بە سستی و لاوازیش بووبێت، بەڵام تا ڕادەیەک هەوڵی باش دراوە بۆ بەشداری پێکردنی کچان و ئافرەتان لە پرۆسەی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرز.

3. بەرزی ئاستی خوێندەواری و ڕۆشەنبیری ئافرەت هۆکارێکە بۆ ئەوەی ڕۆڵ و پێگەیەکی بەرچاویان لە خێزان و کۆمەڵگا بە گشتی هەبێت، چونکە نەخوێندەواری وا لە ئافرەت دەکات نەتوانێت لە زۆر بواری ژیاندا بەشداربێت. هەردەم بارودۆخی کۆمەڵایەتی، ئابووری وپابەند بوون بە داب و نەریتە کۆنەکان، جیاکاری نێوان نێرو مێ کاریگەری و ڕۆڵیان لە ڕێگەدان بە خوێندن و ڕێگەنەدانی هەبووە. هەربۆیە هەرێمی کوردستان بایەخ و گرنگیەکی زۆری بە خوێندەواری بەتایبەتی لە نێو کچان داوە. چونکە یەکێك لە ئامانجەکانی جیهانی سەردەم خوێندەواری پێگەیشتووانە کە نیشاندەر و ئامانجی گەشەپێدانی هەزارەی نوێیە. لە ڕووپێوی(MICS)دا، دەردەکەوێت پێشکەوتنێکی زۆر لە بواری پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا بەدیهاتووە، بەجۆرێك ڕێژەی خوێندەواری ئافرەتانی تەمەن(15-24) ساڵ بەرزبۆتەوە لە(64%) لە ساڵی (2006) بۆ (78%) لە ساڵی(2011)دا.

4. زیادبوونی ڕێژەی کچان لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا ئاماژەیەکی گرنگە، بۆ بەرەو پێشچوون و هاتنە ناوەوەی کچان لە بواری پەروەردەدا، بەتایبەتی لە ساڵانی خوێندنی (2022-2023) کە ڕێژەی بەشداربوونی کچان لە خوێندندا بەرێژەیەکی بەرچاو زیادیکردوە.

## سەرچاوەکان:

1-بەرزنجی، ئومێد (2022)، بەڕێوەبەری مۆزەخانە و ئەرشیفی پەروەردەی هەولێر لە چاوپێکەوتنێکی ئاژانسی ئانادۆڵو، ڕاپۆرتی مێژووی قوتابخانەی ئەربیل ئولا، لە ڕێکەوتی (2022/8/29) بڵاوکراوەتەوە، مێژووی سەردانی 2023/1/2، بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ: https://ks/ www.aa.com.tr

2- بەهین، ئازاد. (2010)، بوارەکانی سەرهەڵدانی فیمینیزم، گۆڤاری تەوار، سلێمانی: چاپخانەی حەمدی، ژمارە (32).

3- حەمید، علی خالید. (1984)، لە دوو توێی یاداشتی شاردا، سلێمانی: چاپخانەی سلێمانی.

4- دەستەی ئاماری هەرێم. (2021)، پارێزگای هەولێر- ژمارەو نیشاندەرەکان بۆ ساڵی 2021، هەولێر: بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای.

5- ڕوپێویی هیشویی فرەنیشاندەر(MICS )، پەرەسەندنی ڕەوشی منداڵان و ئافرەتان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.(2006-2011)، هەولێر: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان وڕێکخراوی یونسێف.

6- ڕووپێوی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و تەندروستی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستاندا.(2021)، ، بەشی ئامارەکانی پەروەردە، تەندروستی و کۆمەڵایەتی، هەولێر: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.

7- زاهیدی، مستەفا. (2010)، کوردو فێمینیزم، گۆڤاری تەوار، سلێمانی: چاپخانەی حەمدی، ژمارە(32).

8- شوانی، ئاکۆ عبدالکریم. (2002)، شاری سلێمانی 1918-1932، چاپی یەکەم، سلێمانی :چاپخانەی زانست.

9- عەبدول، نوخشە. (2007)، ڕۆڵی ژن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی باشووری کوردستان، چاپی یەکەم، سلێمانی: چاپخانەی ڕوون.

10- محمود، داستان عمر و خۆشناو، جوان اسماعیل احمد بكر.(2023)، شێوازی پەروەردەی خێزانی و پەیوەندی بە ڕەفتاری شەڕئەنگێزی لای قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی؛ توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری ڕانیە، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی27، ژمارە1.

11- وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئامار، توێژەر ئەم داتایانەی لە 2022/12/16 دەسکەوتووە.

12- ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان و گەشەپێدان، بەرەوپێشچوونی دۆخی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستاندا. (1992-2019)، هەولێر : چاپخانەی شەهاب.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

13- الاسود، صادق. (1986)، علم الاجتماع السياسى اسسه وابعاده، الموصل: مطبعة جامعة الموصل.

14- الامام، امال محمود. (1980)، دور التعليم في التنمية الاقتصادية للقطر العراقي، بغداد: مطبعة جامعه بغداد.

15- الدولي، تقرير البنك. (2014)، ادماج النوع الإجتماعي فى التنمية، ترجمة: هشام عبدالله، عمان، الأردن: المؤسسة العربية للدراسات والنشر.

16- السمالوطي، نبيل. (1981)، علم اجتماع التنمية، بيروت: دار النهضة العربية.

17- الحسيني، السيد . (2006)، التنمية والتخلف- دراسة تاريخية بنائية، الأسكندرية: دار المعرفية الجامعية.

18- الحسيني، السيد محمد وأخرون. (1977)، دراسات في التنمية الإجتماعية، مصر: دار المعارف.

19- حسين، أرام ابراهيم (2010)، دور التخطيط في التنمية الاجتماعية. اطروحة دكتورا. جامعه صلاح الدين كلية الأداب، علم الاجتماع، أربيل، أقليم كوردستان.
20- الفقير، فاديه احمد، (2001)، نساء ديمقراطيات بدون ديمقراطية- النسوية والديمقراطية والمواطنة: حالة الأردن، تحريرد. على خليفة الكوارى، ط1، بيروت: مركز الدراسات الوحدة العربية.
21- الهلالي، عبدالرزاق. (2000)، تاريخ التعليم في العراق(1921-1932)، الطبعة الاولى، بغداد: مطبعة دار الشؤون الثقافية.
22- مصطفى، طلال عبد المعطي. (2002)، ابحاث في علم الإجتماع(نظريات ونقد)، دمشق: منشورات دار هادي.
23- ويبستر، اندرو. (1986)، مدخل لسوسولوجيا التنمية، ترجمة: حمدى حميد يوسف،ط1، بغداد: دار الشؤون الثفافية العامة.

### سەرچاوە فارسییەکان:

24- قاسمى، اعظم و آيت اللهى، حميدرضا، (2010)، چالش هاى نظريه جان ديويى درباره دمكراسى، فصلنامه سياست، مجله دانشكده حقوق و علوم سياسى، دوره 40، شماره3 .
25- قلتاش، عباس (2012)، مبانى اجتماعى و سياسى تعليم و تربيت؛ بررسى تطبيقى رويكردها و ديدگاههاى تربيت شهروندى، پژوهشنامه مبانى تعليم و تربيت، سال دوم، شماره 1.
26- كاردان، على محمد و همكاران. (2015)، درآمدى بر تعليم و تربيت اسلامى؛ فلسفه تعليم و تربيت، قم: پژوهشگاه حوزه و دانشگاه و انتشارات سمت.
27- نادرى، عزت الله. (1994)، روشهاى تحقيق و چگونگى ارزشيابى ان در علوم انسانى، چاپ بيست و چهارم، چاپ، تهران: نشر شفق.

### سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

28- Samuel p. Huntington, (1968), political order in changing societies, New Haven, Yale University, America.
29- Weedon, Chris, (1996), Feminist Practice and Poststructuralists Theory, 2nd Edition, Wiley- Blackwell, New York.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Women's Participation in Social Development; Education As an Example

**Sozan Teha Rasol**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Regin, Iraq.
Email: sozan.rasool@gmail.com

**Prof. Dr. Aram Ebrahim Hosein**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Regin, Iraq.
Email: Aram.ibrahemdzay@gmail.com

***Keywords**: Women, Social Development, Education, Feminist movements, Socity*

## Abstract

Achieving the goals of social development and improving the lives of individuals is one of the issues that have been the focus of academic and political centers over the past few decades. One of the relatively neglected topics is the issue of women and their participation in the social development process, which is currently trying to pay attention to their role and taking part in various aspects of society development. Therefore, the aim of this study is to analyze and present the situation of women in the process of social development in the field of education in the Kurdistan Region. The method used in this study is the library method and reanalysis of the data. The most important findings of this study were: Although there has been a slowdown in the education process for girls in the Kurdistan Region in the past, in recent years, significant efforts have been made to participate in the education process, despite the existence of cultural barriers in the Kurdistan Region, their participation in education is an important indicator of their progress education and subsequently their role in all areas of society.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# مشاركة المرأة في التنمية الإجتماعية - التعليم نموذجاً

**ملخص:**

إن تحقيق أهداف التنمية الإجتماعية وتحسين جودة حياة الأفراد هي أحدى القضايا التى تهم المؤسسات والمراكز الأكاديمية والسياسية خلال العقود الماضية. ومن القضايا التي تم صرف النظر اليها هي قضية المرأة ومشاركتها و دورها في عملية التنمية الإجتماعية، والتي نسعى حاليا الى الإهتمام بدورها ومشاركتها في مختلف جوانب التنمية في المجتمع ، لذلك تهدف هذه الدراسة الى تحليل وعرض مشاركة المرأة في عملية التنمية الإجتماعية فێ مجال التعليم في إقليم كوردستان. المنهج المستخدم في هذه الدراسة هي منهج المكتبة والبيانات المتوفرة. وأظهرت نتائج الدراسة: إن واقع المرأة في الأزمنة السابقة عانت من الخمول والضعف في عملية تعليم الفتيات و المرأة بوجه عام في إقليم كوردستان، إلا إنه في السنوات الأخيرة بذلت جهود كبيرة لمشاركة المرأة في عملية التعليم، بالرغم من وجود عادات وتقاليد المجتمع الكردي والصعوبات الأخرى، ومع ذلك ارتفع معدل تعليم الفتيات بشكل ملحوظ، فضلا عن ذلك إن معدل تعليم المرأة هو مؤشر مهم وفعال على مدى تقدم المرأة ومشاركتهن في مجال التعليم ودورهن اللاحق في كافة مجالات المجتمع.